## وەرزی 2022

ئەمساڵ سێ چالاکی وەک بەشێک لە شانەدەکەدا ئەنجامدراوە: دوو شاندی توێژینەوە کە لە ١٥ تا ٣١ی ئایارەوە و لە ١٢ تا ٢٤ی حوزەیران ئەنجامدرا، پاشان شاندێکی هەڵکۆڵین لە ٥ تا ٢٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢ ئەنجامدرا.

### شاندی لێکۆڵینەوەی مانگی ئایار (Cécile Verdellet & Felix Wolter)

کارەکە سێ ئامانجی هەبوو: شیکردنەوەی جۆری پاشماوە دۆزراوەکان لە ساڵانی ٢٠١٢ و ٢٠١٣ لە ناوچەی A ؛ وێنەی فۆتۆگرامێتری تەشتە بە دەسکە هەڵگەڕاوەکان کە لە ناوچەی C دۆزراونەتەوە وەک بەشێک لە پڕۆژەیەکی MSH–Mondes و لە کۆتاییدا وێنەکێشان لە کارێکی تربوو کە ئەنجامبدرێت، و وە لە هەمان کاتدا پێویستە فۆتۆگرامێتری (وێنەگرتنی پاشماوە شوێنەواریەکان بە شێوەیەکی وورد) بۆ بگیرێت.

### شاندی لێکۆڵینەوەی مانگی حوزەیران (Philippe Clancier, Laurent Colonna d'Istria, Julien Monerie & Aline Tenu)

شاندەکە بە شێوەیەکی سەرەکی تەرخانکرابوو بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەو تابلێت و و پارچەیانەی کە هێمای نووسینیان لەسەر بوو. ڕوماڵی وێنەیی تەواو ئەنجامدرا وەک ئامادەکارییەک بۆ بڵاوکردنەوە و ئامادەکردنی کۆپی بەڵگەنامە سەرەکییەکان و دیاریکردنی سەرچاوەکان. هەروەها توانرا تابلێتی ژمارە M. 239 کۆبکرێتەوە.

### وەرزی هەڵکۆڵین

چوار ناوچە کراونەتەوە: ناوچەی A، لە شاری سەروو، ناوچەی B، C و E لە شاری خواروو.

### ناوچەی A (Christine Kepinski)

لەم ناوچەیەی کە لە ساڵی ٢٠١٣ەوە داخراوە، کارەکان لەسەر بەشی باکووری بینا بەرچاوەکەبوو کە لە ساڵی ٢٠١٢دا دۆزرایەوە. ئێمە توانیمان لە تەواوکردنی پلانەکە بەردەوام بین، بە دڵنیاییەوە نەخشەی بیناسازسەکە هێلکەییە، بە پلیکانەیەک (US 1130)،

به مەمەرێک و ئەرزەکەی (US 1133 و US 1135)، دوو دیواری نوێ (US 1131 و US 1123) و دوو بەشی نوێ لە دیوارێک کە پێشتر دۆزرابوویەوە (US 12 و US 66) کاریان لە سەر کرا. وەرزێکە هەرچەندە زۆر کورت بوو، بەڵام ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە پشتڕاست بکرێتەوە کە شێوازەکانی بیناسازی کە بۆ ئەم بینایە بەکاردهاتوون بە بەکارهێنانی خشتی سورکراو جیا دەکرێنەوە، کە وەکو سەریوار و بناغە بەکارهاتوون، لەگەڵ هەندێک ریز کە بە قیر داپۆشراون.

## ناوچەی B (Aline Tenu)

هەڵکۆڵین لە باشووری ڕۆژئاوای ناوچەکەدا، لەسەر بینای B. 715 زۆر چڕ بووە، هەرچەندە هەڵکۆڵینەکە لە ساڵی 2019 دا دەستیپێکردووە. هەڵکۆڵین لە ژووری L. 742 بەردەوام بووە، پانییەکەی 5.40 م و درێژی 8.30 م دەبێت، بەڵام سنووری باشووری هێشتا نەدۆزراوەتەوە. لە ڕۆژئاوادا، ژووری ل. 742 بە دیواری 747 جیادەکرێتەوە وە بە هۆی ئەرزی 760 چاڵکراوە، ژووری L. 755 هەڵکۆڵینی بۆ نەکراوە وە تەنها ڕووبەرێکی زۆر بچووک هەڵکۆڵینی بۆ کراوە بە رووبەری 1.5م لە 2.40 م. لە ناو رووبەری ئەم دوو ژوورانەدا ئەرزیەک دەستنیشانکرا لە سەریەوە گڵێنەی کوالیتی بەرز و شکاو و فڕێدرابوون. هەروەها ئەرزەکە ژمارەیەکی نائاسایی لە قۆچ و پاشماوەی ئۆرگانیکی داری لێدۆزرایەوە (توێژینەوەی لە ساڵی ٢٠٢٣ لە سەر کراوە). ئەم پاشماوەیە زۆر دەگمەنە کە ڕەنگە لە چوارچێوەیەکی ڕێوڕەسمی یان ڕێوڕەسمێکدا بەکارهاتبن، مێژووەکەیان بۆ سەردەمی برۆنزی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە.

## ناوچەی C (Barbara Chiti)

دوو بەش کاریان تێایە کراوە، یەکێکیان لە باکووری ڕۆژئاوای ناوچەکەوەیە، ئەوی دیکەیان بەرەو باکوورە. یەکەمیان ڕێگەی بە هەڵکۆڵینی پێکهاتەکانی سەر بە چینی بیناسازی 1 دا. ئەرزێک (ژووری L. 883) کۆمەڵێک گڵێنەی تێدا دۆزراوەتەوە کە بۆ سەردەمی ئاسنی دەگەڕێتەوە. ئەم پاشماوە دۆزراوانە هاوکار دەبن لە دووبارە دیاریکردنی مێژووی ئەم چینە، کە لە ناوچەکانی B و C پشتڕاستکراوەتەوە. لە باکوورەوە، لە دەوروبەری بینای B. 279، دوو چین دەرکەوتووە: یەکێکیان لە سەردەمی سەرەکی نیشتەجێبوونی شوێنەکەوە دەرکەوتووە (سەردەمی پێنجەم، بە نزیکەی 2200–2100 پێش زایین دەبێت)، ئەوەی

دیکەیان کەمێک کەونتر دەردەکەوێت، مێژووەکەی بۆ کۆتاییەکانی هەزارەی سێیەم دەگەڕێتەوە. دووبارە ڕێکخستنەوە و دۆزینەوەی بینایەیەک کە لەبەردەم دەرگای باکووری ڕۆژهەڵاتی B. 279 دروستکراوە، ڕەنگدانەوەی درێژی و ئاڵۆزی ڕێزبەندی نیشتەجێبوونە.

**ناوچەی E ( Florine Marchand)**

کارکردن لە بینایەی دۆزراوەی B. 659 بەردەوام بوو. لە باکووری ڕۆژئاوا، ووریێکی نوێ (921) دەستنیشان کراوە، وە هەروەها لە گۆشەی باشووری ڕۆژهەڵات دوو ژووری دیکە (L. 922 و L. 930) دۆزرانەوە. ئەرزی ئەم دوو ژوورەکەی (L. 922 و L. 930) بە پارچە گڵێنە داپۆشراوە. هەروەها لەم وەرزدا ژووری ٩١٥ هەڵکۆڵینی بۆکراو و تەواوکرا و هەموو تەنیشتەکانی ژوورەکە بە شتایگەر (لەقوری سورکراو لە شێوەی چوارگۆشە) رووپۆشکراوە، وە نێوانەکانیان بە قیر پرکراوەتەوە. بە دوو شێوە درووستکراوە، هەندێکیان دووبارەبڕاوە بۆ ئەوەی لەگەڵ شێوەی پارچەکانی تردا بگونجێت. لە گۆشەی باشووری ڕۆژهەڵاتدا ریزێک لە شتایگەر (لەقوری سورکراو لە شێوەی چوارگۆشە) دۆزرایەوە. پێش هەڵگۆتن و تێکدانی B. 659، ڕەنگە بناغەی دیوارەکانی L. 915 بەم شێوەیە بە درێژایی پارێزگارییان لێکردبێت.

**لێکۆڵینەوە لە پاشماوەی شوێنەواری ئاژەڵ (Michaël Seigle)**

لێکۆڵینەوەکە لەسەر گیانلەبەرە کێوییەکان هەفتەیەکی خایاندووە، نۆ شوێنەوارناس و شارەزای ئەمریکی بۆ لێکۆڵینەوە بەشداربوون، لەو چوار ناوچەی کە ئەمساڵ کاریان لە سەرکردووە و ئەوی تریان لە ساڵی ٢٠١٩دا کاریان لە سەر کردووە.

ئەنجامەکان پاشماوەکانی ساڵانی پێشوو پشتڕاست دەکەنەوە کە زۆرینەیان بزن و بەراز بەکارهاتووەن و جۆری ڕاستەقینەی گیانلەبەرە کێوییەکان: بەم شێوەیە پاشماوەی ئاسکی سوور، قازی خۆڵەمێشی و ئاسک مل دەرپەریو دەستنیشانکراون.

**لێکۆڵینەوەی پاشماوەی شوێنەواری ڕووەکی (Carolyne Douché)**

ئەنجامە سەرەتاییەکان دەریدەخەن کە جۆری ئاژەڵە کێوییەکان ڕێژەیەکی بەرزی پاشماوەکانی ئاژەڵ لە کونارا پێکدەهێنن (40–60%). ئەوان جۆراوجۆرییەکی گەورە دەخەنە ڕوو کە ڕەنگە شایەدی داگیرکردنی ژینگە جۆراوجۆرەکان بێت. لە نێو دانەوێڵەکاندا

پاشماوەی گەنمی پۆشراو (بەدنک و بە چەڵتو) و جۆ دەستنیشانکراون. پێدەچێت لە پاقلەمەنیەکان و بە تایبەتی نیسک بە هەمان شێوە ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووبێت لە ئابووری ڕووەکەکاندا، بەتایبەتی لە بینای B. 517 (ناوچەی C). میوەکان بە پاشماوەی هەنجیر و ترێ و بادەم دەستنیشان کراون.

## لێکۆڵینەوە لە گڵێنە دۆزراوەکان (Cécile Verdellet)

ئامانجی توێژینەوەکەی ئەمساڵ بریتی بوو لە پرۆسێسکردن و شیکردنەوەی گڵێنە دۆزراوەکان لەگەڵ بەردەوامبوونی هەڵکۆڵینەکاندا. لە ناوچەی C، کارەکان لەسەر کۆمەڵێک گڵێنە ئەنجامدراوە کە مێژووەکەیان بۆ سەردەمی ئاسنی دەگەڕێتەوە و کۆتایی سەردەمی سەرەتای برۆنزی. پێکهاتەی ناوچەی B بۆ سەردەمی برۆنزی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە، بە تایبەتی دوو گۆزەی گەورە و دوو گوپی بن بەرز لە خۆدەگریتەوە، کە هەموویان بە شێوەیەکی جوان ڕازێنراونەتەوە. ئەو پارچە گڵێنانەی کە لە ناوچەی A و E دۆزیەوە، وایکردووە کە بتوانین زانیارییەکانمان بە تەواوەتی لە سەر سەردەمی سەرەکی نیشتەجێبوونی کونارا (نزیکەی ٢٢٠٠–٢١٠٠ پێش زایین) دەستبکەوێت.

## سێ ڕەهەندی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان (Felix Wolter)

تۆمارێکی تەواو لە کونارا و دەوروبەری بە بەکارهێنانی فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان ئەنجامدرا. جگە لە ڕووپێوی تۆپۆگرافی نوێی شوێنەکە، ئامانجی سەرەکی تۆمارکردنی سێ ڕەهەندی هەر شوێنێک بوو کە تەواوکەری ئەو ڕووپێوییە بوو کە بە بەرد بە بەرد ساڵانە لەلایەن تۆپۆگرافیای شاندەکەوە ئەنجام دراون (جولیان سۆیشێت لە ساڵی ٢٠٢٢). دوو تۆماری فۆتۆگرامێتری کە بە هاوکاری خاڵ وەرگرتن ئەنجامدراون، هەروەها دوو باری گرنگی هەڵکۆڵین لە ناوچەکانی B (پارچەکان لە شوێنی خۆیان لەسەر ئەرزی L. 742) وناوچەی C (چینی بیناسازی 1) تۆمارکراون و بەبەڵگە کراون.